# خۆپیشاندان وچالاکیەکانی فیدراسیۆن دژ بە دیپۆرتی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستان

**لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی دەربارەی نا ئەمنی و نا جێگیری کوردستان ،و رەتکردنەوەی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بۆ کوردستان لەلایەن وولأتە ئەوروپی یەکانەوە بەمەبەستی نارەزایەتی دەربرین ،فیدراسیۆن کەمپینێکی نیو نەتەوەی راگەیاند و زنجیرەیە چالاکی دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان لە وولأتە ئەورپیەکان و کوردستان ئەنجام دا ،ئەمەی خوارەوە گۆشەیەکی ئاماژە پێدراوی ئەو چالاکیانەیە :**

## بەریتانیا:

1. سکرتارێتی فیدراسیۆن بانگەوازێك ئاراستەی ئازادی خوازان و ئینسان دۆستان، رێکخراوەپەنابەری و یەکیتی یە کریکاریەکان، لەولأتانی ئەوروپا دەکات بە مەبەستی راوەستانەوە و کاردانەوە بەرامبەر سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان و ئەم نامەیە لە زۆربەی مالپەرو رۆژنامە کوردی ئینگلیزی کان بلأو دەکرێتەوە.
2. سکرتارێتی فیدراسیۆن بەردەوام سەرقالی بەرگری کردن لەو پەنابەرانە دەبێت کە تووشی گرتن و زیندانی کردن بوون لە گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بەریتانیا و سوید بەمەبەستی ئازاد کردنیان کە لە مانگی سپتامبەروە پارێزەر بۆ ژمارەیەك لە پەنابەرە گیراوەکانی گرتووخانەی دەستبەسەری(کامسفیلد هاوس،کۆلن برۆك،هامسۆرس،دۆنکاسەر،دۆڤەر،ئۆکنتن..)دەگرێت، هەروەها بۆ دوو پەنابەری کوردی عیراقی کە لە زیندانی سوید بەمەبەستی دیپۆرتکردنەوەبۆ بەریتانیا ئامادە دەکرێن.
3. ئازادکردنی سێ پەنابەر لەمەترسی دیپۆرتکردنەوە بۆ کوردستان دوای ئەوەی تیکتیان پێ دەدرێ بۆ گێرانەوە بەزۆر ملێ بۆ کوردستان.
4. سکرتاریتی فیدراسیۆن پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراو پەنابەری و ئینسانی یەکیتی کریکاری و لایەنەکان دەکات بەمەبەستی راکیشانی پشتیوانی بۆ کەمپینی فیدراسیۆن دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان وەیان بەمەبەستی گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی پەنابەران لەوانە(رێکخراوی لێبوردنی نیو دەولەتی،رێکخراوی کۆمیسیۆنی بالأی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەری،کەمپینی دژی راسیزم فاشیزم،پەیمانگای پەیوەندی نەژادیەکان ،کەمپینی دژ بە ناردنەوەی مندالأن،رێکخراوی رفیوجی کانسلێ،رفیوجی لیگل سینتەر،یەکیتی کریکاری PCS وەT&Gو کۆمەلەی رزگاری کریکاران،رێکخراوی NO SWEAT ،بەرەی نیشتمانی دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران ،بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق...
5. چاوپێکەوتنی سکرتێری فیدراسیۆن و ئەندامانی سکرتارێت لەگەلێ ژمارەیەك لە رۆژنامە کوردی و ئینگلیزی و دەزگاکانی راگەیاندن و میدیا کان لەوانە رۆنامەی گاردیان، رادیوی بی بی سی ،سایتی واشنتۆن،کەنالی ئاسمانی PRESS TV وە ASO TV ورادیوی فیدراسیۆن لە ستۆکۆلم وبلاوکردنەوەی ئاگاداری و هەولەکانی لە مالپەرە کوردیەکان.

http://www.chron.com/disp/story.mpl/special/iraq/5213785.html

6–کۆبوونەوەی دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیۆن و ئاسۆ گۆران ئەندامی سکرتارێت لەگەلێ بەریز (Jan Shaw) بەرپرسی کاروباری پەنابەری لە رێکخراوی لێبوردنی نیو دەولەتی سەبارەت بەکێشەو گیروگرفتەکانی پەنابەران لە گرتووخانەکانی بەریتانیا دەوری رێکخراوی ناوبراو لە پشتیوانیان لەپێناو ئازاد کردن و یارمەتی ئەو پەنابەرانە.

راپۆرتی رێکخراوی لیبۆردنی نیو دەولەتی لە خوارەوە بخۆینەوە:
http://web.amnesty.org/library/Index/ENGMDE140412007?open&of=ENG-IRQ

7–کۆبونەوەی سکرتێری فیدراسیۆن و ئاسۆ گۆران لەگەڵ بەڕێز(Tim Finch) لەگەڵ ڕێکخراوی رفیوجی کانسڵ سەبارەت بەکەمپینی فیدراسیۆن دژ بە ناردنەوەی پەنابەران و هاوکاری و هاوپشتی ڕێکخراوی ناوبراو لەو بارەیەوە چەند کارێك خرایە دەستورە لەوانە 20–11 بکرێتە رۆژێکی یاداوەری بۆ بەردەم رای گشتی سەبارە بە پێشیلی مافەکانی ئینسان کە تیادا پەنابەرانی کورد بەکەلەپچەو فرۆکەی سەربازی رەوانەی کوردستان کرانەوە

8–رۆژی 9–10 بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق کۆدەبێتەوە تایبەت بە کەمپێنێکی سەراسەری کە فیدراسیۆن رای دەگەیەنێت دژ بە سیاسەتی دیپۆرت ، لەم کۆبونەوەیەدا سکرتێری فیدراسیۆن لەسەر ئەهداف و ئامانجی کەمپینەکەو بارودۆخی سیاسی عیراق و کوردستان قسەو باس پێشکەش دەکات.

## خۆپیشاندانی 9-11 لە لەندەن:

رۆژی 9–11 فیدراسیۆن خۆپیشاندانی بردە بەردەم بارەگای،ڕێکخراوی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەری(UNHCR) خۆپیشاندەران بە دروشمی (عیراق نائەمنە،کوردستان ناجێگیرو نائەمنە،ماف پەنابەری ماف ئینسانە،نا بۆ دیپۆرت نا بۆ گرتووخانەی دەستبەسەری پەنابەری بە زمانی ئینگلیزی دەووتەوە .

پاشان وەفدێکی خۆپیشاندەران کە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال،سامان سەردەم،نوری بەشیر،کارن جۆنسۆن،ئاسۆگۆران) چاویان کەوت بە بەڕێز(Brian Larkin ) لە ڕێکخراوی کۆمیسیونی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران 5000 هەزار ئیمزای نارەزایەتی کە خواستەکانی پەنابەری تیا هاتبوو لەوانە(راگرتنی دەستەجێ سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بۆ کوردستان،بەرەسمێت ناسینی ماف پەنابەری بە پەنابەرانی کوردی عیراقی،بەردانی زیندانیەکان) هاوپێچ بە نامەیەکی سکرتێری فیدراسیۆن بۆ بەڕێز (بان کی مون)سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان تەسلیم کرا و نۆینەری ڕێکخراوی ناوبراو رایان گەیاند تەواو ئیمزا و نامەکان دەگەیەنن بەشۆینی مەبەست ...

شایەنی باسە لە م خۆپیشاندانەدا نۆینەری کۆمەڵەی کوردی لە دۆنکاسەر و نۆینەرانی ڕێکخراوی کەمپینی دژی راسیزم و فاشیزم،کەمپینی دژی ناردنەوەی منداڵان،ڕێکخراوی NO SWEAT، وە ڕێکخراوی NO Borders ڕێکخراوی پەیمانگای پەیوەندی نەژادیەکان و نۆینەری چەند ڕێکخراوی ئینگلیزی لەشاری دۆن کاسەرەوە بەشداریان کرد و پەیامی پشتیوانی و کۆششی خۆیان لەگەڵ کەمپینی فیدراسیۆن دژ بە دیپۆرتی پەنابەرانی کورد دووپاتکردەوە

ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن ASO TV تەلەفیزیوونی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی بە زمانی کوردی و عەرەبی ئینگلیزی راپۆرت لەسەر خۆپیشاندانەکە ئامادەکرد وچاوپێکەوتنی لەگەڵ بەشداربوانی خۆپیشاندانەکە ئەنجام دا هەروەها پەیام نێری چاودێرو کوردستانی نۆێ ئامادەبوون.

هەواڵەکانی ئەم خۆپیشاندانە لەم ماڵپەرە بڵاو دەکرێتەوە.

https://www.indymedia.org.uk/en/2007/11/385432.html

##ووڵاتی سویسرا:

لە چوارچێوەی کەمپینێک کە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بە دژی بڕیارو سیاسەتی تازەی دەوڵەتانی ئەوروپا سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان وپەنابەرانی کوردستانی عێراق ،بە ڕێی خستوە.بەشی سویسرای فیدراسیۆن لە هەوڵیدا بۆ ڕێگر گرتن لەم بڕیارە ئەم کەمپینەی ڕاگەیاندوە و تا ئێستا کۆمەڵێک چالاکی ئەنجام داوە،لەوانە کۆبونەوەی فراوان لە گەڵ لایەنە سویسری و بیانیەکان،لە گەڵ ڕێکخراوا ئینسانیەکان،کۆکردنەوەی ئیمزای نارەزایەتی ،چاوپێکەوتنی بڵاو کراوەی فۆرڤێرتەری سویسری لە گەڵ ئەحمەد عەلی سکرتێری فیدراسیۆن و دوو جار لێدوانی بۆ ڕادیۆی نەواوڕادیۆی شەبەنگ لە سوید، ڕۆژنامەی ئاوێنە، گفتوگۆی ڕادیۆی ئەمریکا لە گەڵ

جەمال کۆشش ئەندامی سکرتاریەتی سەراسەری،بڵاو کردنەوەی هەواڵی خۆپیشندانەکە لە رۆژنامە سویسریەکان.وە سەرەتای کار

رۆژی 2007/11/09 بە بەشداری زیاتر لە 150 کەس کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی سویسراوە کۆببونەوە،لە بێرنی پایتەخت خۆپیشاندانێکی سەرکەوتوو بەرێخرا، سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە هایگەر پلاتسەوە بەرەو وەزارەتی کاروباری پەنابەریی بە دروشمی ( مانەوەومافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی عێراقی،کوردستانی عێراق ئارامی و دڵنیایی تیا نیە) کە بە زمانی ئەڵمانی دە یانوتەوە،کەوتنە رێ..لە خۆپیشاندانەکەیا نوێنەری رێکخراوی سانس فرۆنتێ ونوێنەری رێکخراوی ئاوگن ئاوف بەشدار بوون . دوای گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم وەزارەت وەفدێکی فیدراسیۆن کە پێکهاتبوو لە ئەحمەد عەلی و جەمال کۆشش وە ئسماعیل شێخۆ و بلاستەر گلات سکرتێری رێکخراوی سانفرۆنتی و ئەندام پەرلەمانی زوریخ لە گەڵ وەزارەت کۆبونەوە..وە وەفدی وەزارەتیش پێکهاتبوو لە بەرپرسی فایلی عێراقی وبەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان و کۆکردنەوەی زانیاری. وەفدی فیدراسیۆن لە سەر چەن خاڵ پێیان داگرت.لەوانە، هەڵوێست و هێرشی دژی پەنابەری حکومەتی سویسراو بڕیارە تازەکەیان سەبارەت بە کوردستانی عێراق و پەنابەرانی کورستانی عێراق. نائارامی کوردستانی عێراق وئەو ڕەوشە خراپەی سەرجەم خەڵکی کوردستانی تیادایە. وە هەروەها هەلومەرجی وێرانی پەنابەرانێک کە خەڵکی کوردستانی عێراقن و ڕەفزیان وەرگرتوە. دوای زیاتر لە سەعاتێک لە قسەوباس، وەفدی وەزارەت ناچار بوون کە بەڵێن بدەن ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی پەنابەرانی کوردی عێراق بدۆزنەوە و هیچ کەس بە زۆر نەنێرینەوە مە گەر کێشەیەکی زۆر تایبەتی ببێ. وە ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ئیمکانی هەیە لە ئایندەیا ئاڵوگۆڕ بە سەر ئەم بڕیارەیا بێت و داوایان کرد کە سەردانەکانمان درێژە پێبدەین و کۆبونەوەی ترمان ببێ و بەڵێنیشیان دا کە لە گەڵ سەرەوەی خۆیاندا داخوازیەکانی ئێمە تاووتوێبکەن و بە ڕەسمیش وڵامی فیدراسیۆن بدەنەوە.بەڵام وەفدی فیدراسیۆن پێیان ڕاگەیاندن کە درێژە بە چالاکی دەدەن لە دژی ئەم سیاسەتەی ئەوان ولەوانەشە یەکیک لە ڕێگاکانی تری خەباتمان مانگرتن بێ لە بەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە. وە لە کۆتاییدا زیاتر لە 500 ئیمزای نارەزایەتی کە هی چەن رێکخراوو لایەن و خەڵکی سویسری بوو پێشکەش بە وەزارەت کرا .

**هەواڵەکانی ئەم خۆپیشاندانە لە گەڵ ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا لە ماڵپەری هاوڵاتی و ئاوێنە بڵاو دەبێتەوە**.

## **ووڵاتی سوید**:

1. لەگەڵ دەستپێکردنی کەمپینی فیدراسیۆن دژی بە دیپۆرتی پەنابەران ،رادیوی فیدراسیۆن بە سەرپەرشتی بابان عوسمان ئەندامی سکرتاریتی فیدراسیۆن و ساماڵ دەروێش،هەلاڵە هەڵسوراوانی فیدراسیۆن هەموو شەمانێك

بەرنامەکانی خۆی لە شاری ستۆکۆڵم بڵاودەکاتەوە مینبەرێك دەبێت بۆ ئاراستەکردن و یەکگرتووکردنی پەنابەران و دەربرینی نارەزایەتیکان.

2. سێ جار کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی فیدراسیۆن لەشاری ستۆکهۆڵم بەمەبەستی ئامادەکردنی پەنابەران بۆ رووبەرووبوونەوە بە سیاسەتی دژ پەنابەری و ئەرکەکانی فیدراسیۆن لە راستای خزمەتکردن بە پەنابەران قسەو باس پێشکەشدەکرێ.

3–لە رۆژی 28–10 دا کاوە کریم هەڵسوراوی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی چاوی بە Magdalena Streijffertئەندامی پەرلەمانی سوید و بەرپرسی بەشی پەنابەران لە پەرلەمانی سوید کەوت ، کاوە کەریم قسەوباسیکی کوتی سەبارەت بە وەزعیەتی پەنابەرانی عیراقی بەتایبەتی پەنابەرانی کورد لە سوید کرد و سیاسەتی دەولەتی سویدی لەمەر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی کرد ، وە لە دوایدا داوای کرد کە هەولی جدی بدەن لەپەرلەماندا تاکو بتوانن بریاری ناردننەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی هەلبوەشیننەوە.

خوشحالی خوی بە دانیشتنەکە دەربری، هەروەها پشتیوانی خوی بو قسەکانی کاوە کەریم دەربری ، وە ئەوەی خستە روو کە ئێستا لەپەرلەمانی سویدی دا هەر سێ Mgdalena

سوشیال دیموکرات ، چەپ ، حزبی سەوز خەریکی ئامادەکردنی پیشنیاریکن لەم پەیوەندیەدا بۆ ئەوەی بیخە بەردەم پەرلەمان بۆ گورینی ئەو یاسایەی دائیرەی پەنابەرانی سوید ، هەروەها وەعدیشی دا کە پیش گەلالەکردنی پیشنیارەکەیان کاوەکەریمی لیَ ئاگادار بکات تاکو نەزەری خوی لەسەر بدات، وە هەردووڵاش ریکەوتن لەسەرئەوەی پەیوەندی بەردەوامیان هەبیت لە داهاتوودا .

هەرلەهەمان روژدا کاوەکەریم چاوی بە مونا سەلینی سەروکی حزبی سوشیال دیموکرات سوید کەوت ، کە گەورەترین حزبی ناو پەرلەمانی سویدە ، کاوەکەریم مەسەلەی هیرشی تورکیا بۆسەر کوردستانی عیراقی ، مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی لەگەڵ باس کرد ، مونا سەلین سەرەرای پشتیوانی خۆی بۆ خەڵکی کوردوستانی عیراق ، وعدی دا هەوڵی جدی لەسەر ئەم دوو کێشە بدات.

## وولاَتی نەرویج:

لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆن دژ بەدیپۆرتی پەنابەران (عمر ئەمین) ئەندامی سکرتارێی فیدراسیۆن نامەیەکی نارەزایەتی بەناوی رێکخراوی پەنابەرانی کوردستان و دەستەی چالاکی رۆشنبیری ئاراستەی باڵۆیزخانەی بەریتانیا دەکەن لە وولاتی نەرویج نارەزایەتی خۆیان دژ بەگێرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان رادەگەیەنن.

قسەکردنی عمر ئەمین لەگەڵ رێکخراوی (Sos Racism) بەشی فریدریکستات تا نامەی پشتیوانی ئاراستە بکەن دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران پەنابەران ،هاوکات قسەکردنی عمر ئەمین لەگەڵ نۆینەرانی رێکخراوی نیو دەوڵەتی لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ،نۆینەرانی رێکخراوی ناوبراو بەڵێن دەدەن راپۆرت رەوانەی ئۆرگانی باڵآی خۆیان بکەن تا کۆمەك بکەن

یاداشتێکی نارەزایەتی بەناوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی\نەرویج لە لایەن عمر ئەمین بەرپرسی فیدراسیۆن ئاراستەی بالۆیزخانەی بەریتانیا لە نەرویج دەکرێت دژ بە ناردنەوەی پەنابەران

چاوپێکەوتنی عمر ئەمین لەگەڵ رادیوی فیدراسیۆن لە ستۆکهۆڵم لەسەر کیشەی پەنابەران لە نەرویج بەتایبەتی (muf)کان هاوکات تەواوی راگەیاندنەکانی فیدراسیۆن لەنیو پەنابەران بلآودەکەنەوە.

## وولاَتی ئەڵمانیا:

عیرفان کریم بەرپرسی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە ئەڵمانیا بانگەوازێك بە زمانی عەرەبی کوردی و ئەڵمانی ئاراستەی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کریکاری و خەڵکی ئازادی خوازی ئەو وولاَتە دەکات بۆ بە هاناوە هاتنیان بۆ بەرگری لە مافەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی .

کاروانی مافەکان بۆ پەنابەران کۆچبەران و رێکخراوی گەنجانی بێ سنور بەمەبەستی نارەزایەتی دەربرین و پشتیوانی لە کەمپینەکانی فیدراسیۆن ،راستەوخۆ کەمپێنێکی سەراسەری لەشارەکانی ئەڵمانیا رادەگەیەنن دژ بە ناردنەوەی پەنابەرانی

عیراقی کە تا ئێستا زنجیرەیەك لە چالاکی و هەڵسورانی چۆراجۆر لەکۆرو کۆبوونەوە پەیوەندی بە یوئێن و عفوی دووەلی وژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکان کردوە بۆ راکێشانی پشیتیوانی لەپێناو دانی مافی نابەری و نیشتەجیٚ بوون بە پەنابەرانی عیراقی ، وا بریارە رۆژی 16–11 خۆپیشاندانە بەرنە بەردەم هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لە شاری فرانکفۆرت دژ بە فرۆشتنی تیکت بە حکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد.

## کوردستان:

بەدوای سەردانی سکرتیری فیدراسیۆن بۆ کوردستان و ئەنجام دانی کۆنگرەی رۆژنامەگەری لەکوردستان و دیدار بە نۆینەرانی چەند رێکخراوی پیشەی و حزبی و لایەنی سیاسی کوردستان و چاوپێکەوتن بە ناوەندەکانی راگەیاندن لەسەر کێشەو گیروگرفتەکانی پەنابەران لە هاندەران و دەوری حکومەتی هەرێمی کوردستان ،ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراو لایەنەکان پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپینی فیدراسیۆن رادەگەیەنن لەپێناو مافی نیشتەجیٚ بوون و مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کوردستان

.

هاوکات لەرێگای بەریز کاك (قادر عەزین) سکرتێری حزبی زەحمەت کێشان کە ئەو پەری پشتیوانی خۆیان لە داخوازیەکانی پەنابەران رادەگەیەنن،دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیۆن لە ریگای بەریز کاك قادر عەزیزەوە نامەیەك ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکانی کوردستان دەکات کە چەند داواکاری پەنابەرانی تیادا هاتووە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەکات بەچاوێکی مسولانە لەکێشەکانی پەنابەران براوانن و داواکانی پەنابەران جیٚ بەجێبکەن ووەڵامی ئەو داواکاریانە بدەنەوە کە بە ناوی پەنابەرانەوە داخوازیەکان ئاراستە کراوە لەوانە:

1. ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکەن.
2. هەر اتفاقییەیەك ئەگەر کراوە لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەرانی کورد هەڵوشێنەوە رەسمەن رای بگەیەنن.
3. فرۆکەخانەی هەولێر نەخرێتە خزمەتی ئەو وولاٌتانە کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوە.
4. زەخت بۆ وولاٌتە ئەوروپایەکان لە رێگای (UN) بهێنرێت ئەم زەخت وزۆر فشارە لەسەر پەنابەرانی کورد لە لایەن وولاتە ئەورپایەکانەوە هەڵگیریٚ.




Forcible Deportation is against the Geneva Convention 1951
Forcible Deportation is against the Geneva Convention 1951
Forcible Deportation is against the Geneva Convention 1951
Asylum Rights Are Human Rights
FREEDOM of MOVEMENT